# کاریگەریی پراگماتیك و فەرهەنگ و زمان
# لە کەشی کوردەوارییانەی
# چیرۆکی ڕۆنەزەنگی حەمەسەندا

پ.ی.د.هۆگر مەحموود فەرەج

**پێشەکی:**

ئاشکرایە، کە زمان ئەگەر پێی نەنووسرێت، ئەوا وەکچۆن قسەپێنەکردنی بەرەو مردنی دەبات، هەربەوپێیەش پێنەنووسینی دەبێتە هۆی سستبوون و لەدەستدانی کارایی. دییارە نووسینیش چەندان جۆری هەن، کە هەریەکەیان هەلومەرجی تایبەت بەخۆی هەیە. بۆنموونە نووسینی بابەتی زانستی، جودایە لە بابەتی ئەدەبی و مرۆیی. جائەوەی کە بە پلەی یەکەم دەبێتە پارێزەری فەرهەنگ و تەنانەت کەلتووری نەتەوە، ئەوە نووسینی ئەدەبییە، بە پلەی یەکەمیش چیرۆك و ڕۆمان و یادەوەری و...تاد، ین. ئەوەی خزتمیە سەر کەڵکەڵەی لێکۆڵین لەم چیرۆکەی عەلادین سەججادی، ئەوە زمانزانی و بەئاگاییی ئەو بوو لە فەرهەنگ و کەلتوورو ئەدەبی کوردی و هاوکات ئەو دڵسۆزییەی بۆ زمانی کوردی و بەئاگاییی لەوەی، کە ئەگەر زمان نەبێت نەتەوەش لەناودەچێت. هەروەك ئەوەی خۆی چەندان جار لە پێشەکی ی کتێبەکانیدا ئەوەی چەندبارە کردووەتەوە. بۆنموونە لە پێشەکی ی بەرگی یەکەم و دووهەمی ڕشتەی مرواریدا، کە لە ١٩٥٣/٣/٢٤دا نووسیویەو لە ١٩٥٧دا چاپکراوە، ئەوەی خزتووەتە ڕوو، کە مەبەستی سەرەکی لەلای ئەو زمانە. پێشیوایە کە ئەگەر زمان نەبێت، ئەوا نەتەوەش نابێت، مانەوەی کوردیش بەهۆی مانەوەی زمانەکەوەیە. دوواتر لە کۆتایی ئەو کتێبەدا، دەڵێت: "من بۆ دانان و ڕێکخستنی ئەم کتێبە گەلێ شوێن گەڕام و هەڵسوکەوتم لەگەڵ گەلێ کەسی سادەو بەرزدا کرد. لەبەری ئەم فرمانەم ئەوەم دەستکەوت، کە کۆمەڵە ئەدەبێکی لە وشەی کوردیی پەتیم بۆ هاتە ئەنجام. لەمەوە ئەگەر کتێبێکی وەها نەبووایە ئەو وشانە نەئەچوونە ناو خەزنەی سامانی مانەوەی زمانی کوردی و لەوانە بوو هەروا بەرەبەرە بۆخۆیان لە ئاخرا ئەپووکانەوە"(1). کەواتە ئەو ئەرك و ماندووبوونەی لەپێناوی ئەوەدا بووە، کە وشەو فەرهەنگی کوردی و کەلتوورو زمانەکەی بپارێزێت.

هەروایشە، چونکە ئەگەر لە بەرهەمەکانی بڕوانین و تەنیا ئەم چیرۆکە بکەینە نموونە، ئەوا دەبینین کە دەیان وشەو زاراوە و گوزارشتی کوردی ی پەتی لە دووتوێیدا گردکردووەتەوە، جائەگەر کەمتازۆر هێندێکیان بەکارهێنانیشیان لەم ڕۆژگارەدا دابێتییە کزی، ئەوا بەهۆی چیرۆکەکەوە

(1) ڕشتەی مرواری، عەلائەدین سەجادی، (بەرگی ١ تا ٤)، کتێبی سەردەم ژمارە (٢٦٠)، ل (١٧٧).

پارێزراون و لەناوناچن. ئاشکراشە، کە زمان کۆمەڵێك ئەرکی هەن، یەکێك لەو ئەرکانە، زمانی نووسراوە، کە ئەرکێکی زۆر گرنگە، چونکە هەروەك (نایف خرما) دەڵێت: "هەرچەندە کۆمەڵێکی دیاریکراو دەتوانێت ئایین و کەلتوور و ئەفسانە و ئەدەبەکەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر بگوێزێتەوە، بەڵام ئەو کەلتوورە دەشێت تووشی ونبوون ببێت یاخود گۆڕران و لادانی بەسەردابێت، هۆی ئەوەش بە لەبەرکردن و یادەوەرییەوە بەندە، یاخود بە لایەنی دەروونی ی مرۆڤەوە بەندە. جا هەر ئەو کۆمەڵە خۆی ئەگەر گەشە بکات ببێتە کۆمەڵێکی ئاڵۆز و کەلەپوورەکەی زۆر زیادبکات و بەشێوەیەك کە ئیتر نەتوانرێت پشت بە تاکەکان و یادەوەرییان ببەسترێت، ئەوا تاکە هۆکار بۆ پارازتنی هەموو ئەوانە، تۆمارکردنیانە بە نووسین"[٢].

جگە لەوەش زمانزانی و کارامەییە زمانییەکەی سەججادی وایکردووە، کە زۆر کارایانە مەبەستەکانی چ لەڕێگەی ئاسایی و چ لەڕێگەی بەکارهێنانی کارکردەیی زمان (پراگماتیك)ەوە، بەباشی بگەیێنێت، بە چەشنێك، کە ببێتە جەختی ئەوەی کە لە زماندا زمانزان و کارامەبووە. بەوهۆیەوە، لێکۆڵینەکە لەیەك بەشدا و بە دوو پار پێشکەشدەکرێت، لە پاری یەکەمدا: لە زمان و زمانزانی ی سەججادی لە ڕووانگەی چیرۆکەکەوە، دەدوویێن. لە پاری دووهەمدا: لایەنی کارکردەیی ی زمان (پراگماتیك) وەك هۆکارێکی کارایانەی گەیاندنی واتاو مەبەست لە چیرۆکەکەدا، دەخرێتە ڕوو. لێکۆڵینەکە ئاسایی بە پێشەکییەك دەستپێدەکات و لە کۆتاییشدا، جگە لە ئەنجام و سەرچاوەکان، کورتەی عەرەبی و ئینگلیزی ی لێکۆڵینەکەش پێشکەشدەکرێن.

**١/١ زمان و زمانزانی ی سەججادی:**

گومان لەوەدا نییە، کە چیرۆکنووس پێویستی بە کەرەستەی زمانی ی زۆر و بە شارەزایی لە هەلومەرجی ژییان و بە زمانزانی و بە بەئاگایی لە هونەرو شێوازەکانی دەربڕین و تەنانەت لە سروشتی ئاخاوتن ی نێوان ئاست و چینە جوداکانی ناو کۆمەڵ، دەبێت. ئەم لایەنانە بۆ چیرۆکنووس دەبنە هۆکاری کاریگەر لە چۆنییەتی ی گوزارشتکردن لە بارو خوازتە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ، کە خولیای گەیاندنیان لە پێناوی پێوەندیکردندا، گێنگڵیپێدەدات. بەواتایەکی تر، هەرکاتێك چیرۆکنووس لەم لایەنانەوە دەستەپاچەبێت، ئەوا وەك ئەو سەربازەدەبێت، کە بچێتە جەنگەوە، بەڵام بێچەکبێت.

کەواتە چیرۆکنووس بەبێ هەبوونی ئەو هۆکارانە، ناتوانێت گوێگرو خوێنەر بهێنێتە سەر کەڵکەڵەی گەیشتن بە کۆتایی ی چیرۆکەکە. خۆ ئەگەر ئەو هۆکارانە لە ئاستێکی باشدا دەستەبەربوون، ئەوا گوێگر و خوێنەر بەدووای خۆیدا پەلکێشدەکات و حەزی گەیشتنە کۆتاییيان تێدا چەکەرە دەکات، بەمەش زەمینە بۆگەیاندنی مەبەستەکانی چیرۆکنووس دەڕەخسێت، کە هەر ئەمەش خوازتی بنەڕەتی ی چیرۆکنووسە. دییارە ئێمە لەم لێکۆڵینەدا لە هونەر و تەکنیکی چیرۆکنووسین نادوویێن، بەڵکو تەوەر زمانە و هاوکات ئەولایەنانەی، کە پێوەندییان بە چۆنییەتی

---

[٢] نایف خرما، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، ل (٢١٤).

ی بەکارهێنانی زمانەوە هەیە، مەبەستن. بۆ ئەم مەبەستەش یەکێك لەو دووازدە چیرۆکەی، کە مامۆستا (عەلادین سەججادی) لە چلەکانی سەدەی پێشوودا نووسیونی و لەگۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوبوونەوەو دوواتر لە ١٩٦٠دا، هەموویان کۆدەکاتەوە و لە کتێبێکدا بەناوی (هەمیشەبەهار)ەوە بڵاویاندەکاتەوە. ئێمەش لەیەکێك لەو چیرۆکانە دەکۆڵینەوە، کە ئەویش: (ڕۆنە زەنگی حەمەسەن)ە. لەم چیرۆکەدا، بەئاشکرا ئەوە هەستپێدەکرێت، کە سەججادی نەك هەر زمانزانە، بەڵکو بەوردی بەئاگایە لە ژییانی پڕ کوێرەوەری ی گوندنشینانی ساڵانی چلەکانی کوردستان. هاوکات بە وریاییەوە پاڵەوانی چیرۆکەکە دێنێتە قسەو بەزمانێکی کوردی ی پاراو، هەروەك ئەوەی، کە بەڕاستی ئەوە خودی (حەمەسەن)ە پەسنی وەرزو ساڵ و باری ژییان و برسێتی و نەداری و ڕەنجبێوەریی ی خۆی و خێزانیمان بۆ دەکات. پەسنێك کە هەڵبژاردنی وشە و ئیدیەم و میتافۆرەکانی هەڵقوڵاوی فەرهەنگی گوندنشینانی ناوچەیەکی کوردەوارین، دییارە شێوازی دوواندنەکان، خۆیان بەرهەمهێنی واتان. هەروەك (احمد مختار عمر)، دەڵێت: "واتای شێوازی ئەو جۆرەی واتایە، کە لە وتراوێکدایە و بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ی زمانبەکارهێنەکە و ئەو ناوچە جوگرافیاییەی کە ئەو سەر بەو جێگەیەیە، سەرهەڵدەدات"[٣].

واتە ئەو شێوازی ئاخاوتنی ناوچە جوگرافیاییەی چیرۆکەکە، وادەکات بتوانرێت لەڕێگەیانەوە، بەبێ ناوی گوندەکانیش، پێگە جوگرافیاییەکەی دەستنیشانبکرێت. دییارە ئەم دەستنیشانکردنەش بەچەند نیشانەیەکی زمانی دەبێت. بۆنموونە خودی ناو لە کوردەواریدا تاڕادەیەك دابەشبوونێکی جوگرافیایی ی هەیە، ئەم دابەشبوونەش وادەکات، کە هێندێك ناو بەزۆری لەناوچەیەکی دیاریکراودا باوبن و بەرگوێ بکەون. لەوانەش ناوی پاڵەوانی چیرۆکەکە، کە (حەمەسەن)ە. هەربەوچەشنەش ناوەکانی خانزاد، کە نیوەناوەکەی دەکرێتە (خازە)، ئەو نیوەناوە مەرج نییە لەگشت کوردستاندا بەوچەشنەبێت، ئەگەرچی خودی ناوەکە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بوونی هەیە، واتە (خانزاد) وەك ناو بڵاوە، نەك نیوەناوەکەی، دییارە ناوەکانی تریش کەمتازۆر هەر بەوچەشنەن، واتە فلاّمەرز، بارام، حەمەڕەش، پیرۆزو نیوەناوەکەی، کە (پیزە)یە، مستەفاو نیوەناوەکەی کە (مچە)یە. واتە هەڵبژاردنی ناوی کەسەکان پێوەندیی بە بەئاگایی ی سەججادییەوەیە لە سروشتی ناونان و ناوهێنانی ناوەکان لەسەرزاری کەسانی ناوچەی جوگرافیاییەکەی چیرۆکەکە، چ وەك خودی ناوەکان و چ وەك دەربڕینە فۆنەتیکییەکانیان، یاخود نیوەناوەکان. جگەلەوەش چیرۆکەکە ئاماژەیە بۆ زمانزانی و بەئاگایی لە فەرهەنگی تایبەتی گوندنشینان، لەبواری کاروفرمانیان و هەروەها کەرەستە و ئامێری کاریان، تا بەناوی خواردن و تەنانەت گوزارشتەکانیان سەبارەت بە هەڵسوکەوت و هاتوچۆ و هەروەها نیشانەکانی کات، کە لەزۆر باردا هەڵقوڵاوی ژینگەی کشتوکاڵی و ئاژەڵدارین. هەموو ئەمانە کەرەستەی زمانی ی تایبەتیان هەن. بۆیە ئەگەر چیرۆکنووس زمانزان نەبێت و فەرهەنگێکی لەباری نەبێت، ئەوا لە هەر جێگەیەکی چیرۆکەکەدا وشەو زاراوەی ناوچەی تر بەکارببات، دەبێتە هۆی دروستکردنی گومان

---

[٣] بۆزانیاری پتر لەوبارەیەوە، بڕوانە: علم الدلالة، الدکتور احمد مختار عمر، ل (٣٨).

سەبارەت بە کارامەیییە زمانییەکەی. کاتێکیش کە چیرۆکنووس ڕووبەری جوگرافیایی ی لە چیرۆکەکەدا فراواندەکات، ئەوا ئەم کارە لەڕێگەی ناوی شوێنەوە دەکات، کە لەپشت ئەم ناوهێنانانەوە مەبەستێکی شارراوە هەستپێدەکرێت، ئەویش بەزاندنی سنوورە دەستکردەکانی کوردستانە، چونکە چیرۆکەکە لە باشووری کوردستاندا دەگوزەرێت، کەچی بۆ گیاسالمە (حەمەسەن) و (حەمەڕەش) دەچنە کوێستانی لاجان لە ڕۆژهەلات. لەلایەکی ترەوە لە باشوور هێمای دەسەلاتی داگیرکەر پۆلیس بووە، کەچی سەججادی جەندرمە بۆ پۆلیس بەکاردەهێنێت. واتە هێنانی ئەم کەرەستە زمانییانە لەخۆوە نین و مەبەستی شارراوەیان لەپشتەوەیە، چونکە هەروەك دەزانین جەندرمە هێمای دەسەلاتی داگیرکەری باکووری کوردستانە. کەواتە خودی ئەو کەرەستە زمانییانە کە لە چیرۆکەکەدا هێنراون، گوزارشت لە دوو چەشن دەسەلاتی چەوسێنەر دەکەن، کە ئەوانیش دەسەلاتی ڕامیاری و چینایەتین، چونکە وشەکانی ئاغاو سەرکارو پیاو و گزیر، ئەمانە هێماکانی چەوساندنەوەن بۆ جووتیارو گوندنشینان، هەروەکچۆن جەندرمە و (ص... بەگ) هێمای چەوسێنەری ڕامیارین. چەندان گوزارشت لە چیرۆکەکەدا هەن، کە بۆخۆیان بووارێکی واتایی لەلایەنی چەوساندنەوەی گوندنشینانەوە دروستدەکەن، لەوانەش گوزارشتەکانی: هاتنە وێزە، لە تەویلەتوندکردن، پەنابۆبردن، ڕاپێچدان، شانوقۆلکوتان، نەمرونەژی...تاد. ئەمانە کەرەستەگەلێکی زمانین، کە ئەگەر لە بوواری واتایی ی چەوساندنەوەدا نەبن، ئەوا بێگومان لە پەرێزی واتایی ی ئەو بووارەدان[٤].

وشەگەلێکی تر، کە سروشتی ئامێرو کەلوپەلی ژیانی گوندنشینین، لەوانەش: بێلاسن، تەشوێ، گاڕام. هێندێك وشەی تر بەکارهێنراون، کە لە ژییانی گوندنشیناندا دەچنە بوواری واتایی ی ناوی شوێنەوە، وەك: پشتیر، بنەڕان، گەوڕ، تەویلە. کۆمەلێك وشەو میتافۆڕو ئیدیەم، کە هەر سەر بە ژینگەی کشتوکالی و ئاژەلدارین، لەوانەش: قەرسیل، بەرەجووت، سەپانی، بێگار، سەلەم، سالی چاك، گیاسالمە، قەفکردن، گاڕان، گاگەل، نانی شوانی، ڕانە بێرە، گێرەکردن، کەوکردن، خەرمانسوورکردن، خەرمانهەلگرتن، حاسلات، ڕانپێکەوەنان، ئاژال وشککردن، هیزە ڕۆن...تاد. دییارە بەئاگایی لە واتای ئەو وشەو زاراوە و ئیدیەم و میتافۆڕانە، کە تێیاندایە تایبەت بە ژینگەی تایبەتن، تێگەیشتن لێیان و بەکارهێنانیشیان کارامەیی ی زمانیی پێدەوێت، چونکە هەروەك نووسەر (جەلال مەحموود عەلی) لە پێشەکی ی کتێبەکەیدا، دەلێت: "هێشتا تەواو چاوم نەکرابووەوە، بەلامەوە سەیربوو لە زۆر هەلوێستدا هەندێك کەس، لەبری ئەوەی مەرامێکی دلیان بە قسەیەکی سادە دەربڕن، بە پەندێك، یان بە وتەیەك دەریاندەبڕی کە لێکچواندنی تێدابوو، هەندێکی تێدەگەیشتم و زۆریشی نا. ئەو هەندەیە، جۆرە خۆشی و پێزێکی بە قسەکە دەداو هەندێکی دیکەی وەك نوکتە، یان گالتەوگەپ دەهاتە پێش چاوم، ئەوەی دیکەیشی پالی پێوەدەنام بیریان لێبکەمەوە..."[٥]. ئەم قسانە لە کەسێکی بەئاگا لە کەلەپوور و کارکردوو لە زماندا و

---

[٤] بۆ زانیاری ی پتر لەوبارەیەوە، بڕوانە: بووارە واتاییەکان، هۆگر مەحموود فەرەج، ل (٤٨).

[٥] ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، جەلال مەحمود عەلی سوبحانی، ل (٩).

کۆکەرەوەی زۆرێك لە ئیدیەمی زمانی کوردی، گۆواهی ئەوەن، کە ئەم کارامەییە زمانییانە نەك هەر لە قۆناغێکی تەمەنی مرۆڤەوە بەدەستدێن، بەڵکو بەکارهێنانیشیان لە نووسیندا نیشانەی لێزانینن و بۆ خوێنەریش هاندەری بیرکردنەوەن، سەرباری چێژبەخشین بە خوێنەران و پێزبەخشین بە زمان و گوزارشتەکان.

کەواتە ڕازی ئەو حەزەی، کە لای خوێنەر بۆ خوێندنەوەی نووسینەکانی سەججادی بەگشتی و بەتایبەت لە چیرۆکەکانیدا، زمانە کوردییە پاراوە بگەێنەکەیەتی، کە هەروەك فەرهاد شاکەلی، دەڵێت: "گەشترین لایەنی چیرۆکەکانی سەججادی زمانە کوردییەکەیەتی. ئەو زمانێکی یەکجار جوان و بەرز و هونەرمەندانە بەکاردەبات. زۆر بەوردی ئاگاداری لایەنی ئێستێتیکیی وشەو ڕستەو دەربڕینەکانە"[٦]. جا ئەوەیڕاستیبێت ئەم بۆچوونە پڕاوپڕ دروستەو هەرکەس نووسینەکانی سەججادیی خوێندبێتەوە، بەڕوونی ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوتووە. جا لەو دەربڕراوانەدا، کە سەججادی بەکاریهێناون و نموونەی لەباری بەکارهێنانی زمانن بەشێوەیەکی کارامانە، دەبینین جگە لە وشەگەلێکی سادەو لێکدراو و داڕێژراوی کوردی ی پەتی، چەندان میتافۆڕ و ئیدیەمیش لەخۆدەگرن، کە ئەمانە هەریەکەیان لەچەند کەرتێك پێکدێن، کە بەشێوەیەکی کەم نەبێت پێوەندییان بەواتای کەرتەکانیانەوە نابێت. واتە هەروەك لەبارەی ئیدیەمەوە زاناکان وتوویانە: "یەکێك لە تایبەتییە گرنگەکانی ئیدیەم لەوەدایە، کە واتایەکی تایبەتی بێهاوتا دەبەخشێ..."[٧].

بەدەر لەوەش هێندێك گوزارشت، کە وێناکردنێکی پڕ وردەکارییە و دەکرێت بڵێین سەجادی وەك فۆتۆگرافەرێك ئەو بارە لەڕێگەی وشەوە دەنوێنێت. بۆنموونە (حەمەسەن) لە پەسنی چۆنییەتی دانیشتنی (بەگ)دا، دەڵێت: "خوا حەقە، بەگ بەتەواوی خۆی ئامادەکردبوو بۆ پرسیارکردن، هیچ نەکۆکی و بەملاوبەولادا بەڵغەمی فڕێ نەدا. جوان جگەرەیەکی عەلمۆدەی بەلالێوەوەبوو، کڵاوەکەی سەری بەلای ڕاستا ئەیروانی، لەسەر عەسکەمیلێك لەسەر لاتەڕافەی چەپ دانیشتبوو، ئەنیشکی دابووە سەرداری عەسکەمیلەکە، پەنجەی بەدەوری چەناگەیا گێڕابوو، مێزێکیش لەبەردەمیابوو، هیزە ڕۆنەکەش لەولاوە دانراوە"[٨]. لێرەدا هێنانی دەستەواژەیەکی عەرەبی و کردنی بە میتافۆرێکی زمانی کوردی، کە زادەی ڕۆژگاری دووای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقی بیستەکانی سەدەی پێشووە، ڕەنگە بە هاوڕێکردنی لەگەڵ جگەرەدا، لای نەوەی ئەمڕۆی کورد، کەم کەس بزانن، کە مەبەست لەو جگەرانەیە، کە لە کارگەدا دروستدەکرێن. واتە جگەرەکە وەك جگەرەی خەڵکە گشتییەکە، نە سیغارو نە زەل و...تاد، نەبووە. بێگومان ئەم وشەو گوزارشتانە، کە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بۆ دەرخستنی دەستوپەنجە و سەر و کەللەی بەگ و دانیشتنەکەی لەسەر کورسییەکە، بەکارهێنراون و وردی ی سەرنج و زمانزانی ی نووسەر دەگەێنن، چونکە

---

[٦] فەرهاد شاکەلی، هەمیشە بەهار، ل (١٧).

[٧] بۆ زانیاری ی پتر، بڕوانە: لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، پرۆفیسۆر د.محەممەد مەعروف فەتاح، ل (١٨٣).

[٨] هەمیشە بەهار، عەلائەدین سەججادی، لە (٨٢).

سێڕەهەندانە لە بینیندا و هاوکات خوێندنەوەیەکی دەروونییانەی سرووشتی دانیشتنەکەی بەگ لەڕێگەی ئەو چەند وشەو گوزارشتانەوە، بە باشی گەیێنراوە.

**٢/١ بەکارهێنانی کارکردەیی ( پراگماتیك )ی زمان لە چیرۆکی ڕۆنەزەنگی حەمەسەندا:**

وەك دەزانرێت، واتای کارکردەیی (پراگماتیك)ی وتراو، ئەو واتایەیە، کە لەڕێگەی وشەو زاراوەکانەوە بە ڕاستەوخۆ ناگەیێنرێت، بەڵکو لەڕێگەی دەوروبەری وتنەوە دەگات، بێگومان ئەم کارەش زۆر ڕەگەز دەخاتە ڕاژەی خۆیەوە، هەروەکچۆن کات و شوێنی وتن و بۆنەو کەسەکانی بازنەی ئاخاوتن و کردە زمانی و نازمانییەکان و تەنانەت بەئاگابوونی قسەکەر لە هەبوونی گوێهەڵخەر لە نزیك بازنەی وتن و...تاد، سەرجەم ئەمانە ڕۆڵیان لە گەیاندنی واتای کارکردەیی (پراگماتیك)ی وتراودا دەبێت[٩]. جا ئەوەی کە لەم لێکۆڵینەدا بەپێویستی دەزانین بیڵێین، ئەوەیە کە چیرۆکنووس ئەگەر وریاو زمانزان نەبێت، ناتوانێت بەشێوەیەکی کارامانە کەرەستە زمانییەکان بەکاربێنێت. هەرئەمەشە کە وادەکات بڵێین سەججادی زمانزانێکی بەتواناکبووە، هەروەکچۆن بەهۆی ئەو ئەشقەوە، کە بۆ زمان هەیبووە، توانیویەتی فەرهەنگێکی فراوانی وشەو گوزارشت لە ئاوەزیدا کۆبکاتەوەو بەپێی پێویستی ی ئەو بارانەی کە گوزەراون، چۆنی ویستبێت، چ سیمانتیکییانەو چ پراگماتییکانە بەکاریهێناون. تەنانەت ئیدیەم و میتافۆریش، کە خۆیان بەرهەمی قۆناغێکی پەرەسەندنی زمانن[١٠]، ئەمانەش لای سەججادی دەبنەوە کەرەستەگەلێك، کە لەڕێگەیانەوە بەشێوەیەکی پراگماتیکی خوازت و مەبەستەکانی بگەیێنێت. ئەم چیرۆکە چەندان نموونەی لەباری بۆ ئەم لایەنە لەخۆگرتووە. بۆنموونە هەر لە سەرەتاوە، دەڵێت: "سەرەتاتکێمانە دەروویەکمان لێ ببێتەوە، تۆزێ ئاهی سکمان لەو هەموو خێروبێری بەهارە، لەو هەموو ماست و دۆو بەرەکەتە – کە خوا بەو ماڵانەی داوە – بشکێ". لەو وتراوەدا بەشێوەیەکی پراگماتیکی، ئەوە گەیێنراوە، کە ئەوان هەژارن و عەزرەتین بۆ خواردنی ماست و دۆ. لەکاتێکدا کە وشەی هەژار، بوونی نییە، کەچی لەڕێگەی میتافۆڕی (ئاهی سك شکان) و کەرەستەکانی ترەوە، ئەو مەبەستە گەیێنراوە، هاوکات ئەوەش گەیێنراوە، کە ئەمان کاری ئاژەڵداری بۆ ئەوان دەکەن و خۆیان خاوەن نین، بەڵکو ماڵەکان ئاژەڵدارن.

دوواتر، کە (حەمەسەن) درێژە بە قسەکانی دەدات، دەڵێت: "سالاری خزمەتکاریشت هەر بەدووای گاڕانەکەدا هەڵکوت هەڵکوتێتی"[١١]. لێرەدا بە ڕاشکاوی ئەوە نەوتراوە، کە سالار گاوانە، بەڵام دەربڕراوەکە وەك بەکارهێنانێکی پراگماتیکی ئەو واتایەی گەیاندووە. دوواتر، دەڵێت: "ساڵیش زووە، گەنم هێشتا قەرسیلە"[١٢]. ئەم دەربڕینە کاتنامەییە و وشەی زووە، واتاکەی بەهۆی گوڵنەکردن و پێنەگەیشتنی گەنمەوە دەگات و مەبەستیش لەکۆی وتراوەکە ئەوەیە، کە وەرزی

---

[٩] بۆ زانیاری ی پتر لەوبارەیەوە، بڕوانە: پراگماتیك و واتای نیشانەکان، هۆگر مەحموود فەرەج، ل (٦).

[١٠] بڕوانە نموونەی پێشتر، کە دەربڕراوی (عەلمۆدە) و (جگەرەی عەلمۆدە) بوو.

[١١] هەمیشە بەهار، عەلائەدین سەججادی، ل (٧٣).

[١٢] سەرچاوەی پێشوو، ل (٧٣).

**درویْنە جاریْ زۆری ماوە. کەواتە ئەوە ئەو واتا کارکردەییە (پراگماتیکییە)یە، کە مەبەستی حەمەسەنە.**

**دوواتر، (حەمەرەش)، دەڵێت: "ئەریْ حەمەسەن، من سەیر ئەکەم، تۆ بە خۆت و ماڵ و مناڵتەوە شەوو ڕۆژ شان و قۆڵ ئەکوتن، کەچی نانتان بەدۆ نابیْ، ئەمە چییە، تیْم ناگەیەنی؟"[13]. ئەم پرسە بەشێوەیەکی پراگماتیکی کراوە، چونکە لەڕێگەی میتافۆڕەوە، ئەوە گەیێنراوە، کە بەو هەموو ڕەنجدانەتانەوە، کەچی هەر هەژارن، ئەمە بۆ وایە؟**

**لە جێگەیەکی تردا، کە هیزە ڕۆنەکە دەدزرێت و حەمەسەن دەچێتە لای (س...ئاغا) دادی بپرسێت، کەچی پێیدا هەڵدەشاخێت و دەڵێت: "... کە تێشتان گیرا پەلاماری ماڵی ئاغا ئەدەن..."[14]. لێرەدا لەبری ئەوەی بڵێت، کە کێشەیەکتان هاتە ڕیْ، پەنا بۆ ماڵی ئاغا دێنن، واتە لەڕێگەی (پەلاماری ماڵی ئاغا ئەدەن)ەوە، واتای هانابردنێکی پڕ شپرزەیی بەشێوەیەکی پراگماتیکی و بە پشتبەست بە بۆنەو کەسەکانی بازنەی وتراو، دەگەیێنرێت.**

**دوواتر، (حەمەسەن)، دەڵێت: "... ئەی خۆ منیش کوێر نیم، وا هیزە دانراوە لەبەرچاوم تون بووە..."[15]. واتە هیزەکە پڕەو سیخناخە. ئەم دەربڕینەش بۆ بێئاگا لە دەوروبەری وتن وشەی (تون) کە شێوە فۆنەتیکی ی (توند)ە، مەرج نییە ئەو واتایە بگەیێنرێت.**

**لە شوێنێکی تردا، دەڵێت: "ئیتر منیش چەپێکم لە حەمەڕەشی پوورزام نەگەڕابووەوە"[16]. لێرەدا بەشێوەیەکی پراگماتیکی ئەو واتایە دەگەیێنێت، کە گۆوایە ئەویش فێری کارەکە بووەو لەگەڵ حەمەڕەشدا زۆر جیاوازییان نییە لە دۆزینەوەو هەڵکەندن و کارەکانی بەدووای گیاسالمە گەڕاندا.**

**لە جێگەیەکی تردا، (حەمەسەن) بە خازەی ژنی دەڵێت: "... لەولاشەوە گەنمی سەپانییەکەم دەستی هێنابوو بەخۆیا، لە هەموو ئاواییی قەدەفەرا بە پەنجە هیشارەتی بۆ ئەکرا..."[17]. لێرەدا حەمەسەن پراگماتیکییانە ئەو واتایە دەگەیێنێت، کە گەنمەکەیان بڕشتی باشی دەبێت.**

**دوواتر کە دەڵێت: "لە هەموو ئاواییی قەدەفەرا بە پەنجە هیشارەتی بۆ ئەکرا"[18] ئەمەش پراگماتیکییانە جەختی بەشی سەرەتای وتراوەکەی (حەمەسەن) دەکات، لەوەدا کە گەنمەکە بڕشتی زۆرباشی دەبێت.**

**دوواتر، (حەمەسەن)، دەڵێت: "چەند ڕۆژێك بۆی حەسامەوە ئەمجا گەنمەکە هاتە دروونەوە"[19]. لێرەدا (هاتە دروونەوە) بەواتای ئەوە نەهاتووە، کە دووریبێتییەوە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانێکی پراگماتیکییەوە دەگات، بەتایبەت کە دوواتر، دەڵێت: "... بەخوا شانم لیْ توند کرد، زۆری پیْ**

---

[13] سەرچاوەی پێشوو، ل (٧٤).

[14] سەرچاوەی پێشوو، ل (٨٠).

[15] سەرچاوەی پێشوو، ل (٨٣).

[16] هەمیشە بەهار، عەلائەدین سەججادی، ل (٧٥).

[17] سەرچاوەی پێشوو، ل (٧٦).

[18] سەرچاوەی پێشوو.

[19] سەرچاوەی پێشوو، ل (٧٧).

نەچوو لەوپەریەوە دەرچووم"[٢٠]. ئەم وتراوە پراگماتیکییانە ئەوە دەگەیێنێت، کە بەخێرایی و بێ پشوودان هەموویم دوورییەوەو لێبوومەوە. واتە ئەو وشەو گوزارشتانەی کە ئاسایی بۆ گەیاندنی واتای ئەو مەبەستە پێویستن، هیچیان نەهێنراون، هاوکات واتاکەیان بەباشی گەێنراوە، بەڵام پراگماتیکییانە.

لە جێگەیەکی تردا، دەڵێت: "گیا، سوار تیا ون ئەبێ"[٢١]. ئەم وتراوە سوار و ونبوونی لەپێناوی گەیاندنی واتای پێوانەیی ئاستی بەرزبوونەوەی گژوگیایە. کەواتە لەباتی ئەوەی، کە لە کوردەواریدا دەوترێت (گیا تا ناوقەد هاتووە)، ئەم زیادەڕۆییەك لە گەیاندنی واتای ئاستی بەرزی گژوگیاکەدا دەکات، کە هاوکات وێناکردنێکی جوانی پێوەرەکەیە، کە ئەسپ و سووارو ڕۆیشتن بەناو گیاکەداو دییارنەمانی دەهێنێتە ناوەوەو مەبەستیش تەنیا گەیاندنی ئەو واتایەیە، کە گیا زۆر بەرزبووەتەوە.

کاتێکیش، کە (سۆفی کەریم) دەبیستێت گەنمی (س... ئاغا) هەڵگیراوە، خۆی دەگەێنێتە بەر ماڵی (حەمەسەن) و دەڵێت: "حەمەسەن! نازانم تۆ تاکەی ئەم هاتوچۆیە بەمن ئەکەی؟ ئیتر بەس نییە؟ تکات لێ ئەکەم ئیمساڵ بادەستمان لە یەقەی یەك ببێتەوە..."[٢٢]. لێرەدا ئەو واتایەی مەبەستی (سۆفی کەریم)ە بیگەێنێت، ئەوە نییە کە خودی وشەو گوزارشتەکان بەدەر لە دەوروبەر دەیگەێنن، بەڵام بەپێی دەوروبەر، واتە واتا پراگماتیکییەکەی ئەوەیە، کە تۆ بۆچی قەرزەکەم نادەیتەوە، بۆ قەرزکوێریت، خۆ من دەست لە قەرزی خۆم هەڵناگرم.

جا ئەوەی دوواتریش، کە دەڵێت: "بیستوومە گەنمی ئیمساڵت زۆرچاك بووە"[٢٣]، ئەمەش کە وتراوێکی هەواڵگەێنە، دیسان پراگماتیکییانە هێنراوەو مەبەست لێی ئەوەیە، کە دەزانم پارەت لەدەستدایەو پێتشکدەبەم.

لە جێگەیەکی تردا، (س... ئاغا) ڕوودەکاتە (حەمەسەن) و دەڵێت: "تۆ ئیمساڵ بەقەدەر جوویەکت پارە پەیدا کردووە، لەو پارەیە قەرزی خەڵکی بۆ نادەیتەوە؟"[٢٤] لەو وتراوەدا وشەی (پارەزۆری) یاخود وشەی (دەوڵەمەند) بوونیان نییە، بەڵام وشەی (جوو) و کردنە هاوڕێی لەگەڵ (پارە پەیداکردن)دا، واتای دەوڵەمەندبوون و پارەکۆکردنەوەو پارە زۆری دەگەێنێت. ئەم واتایە پراگماتیکییانە گەێنراوە، گەیاندنەکە لەڕێگەی ئەو کۆزانیارییانەی تاکی کوردی ناو کەلتووری کوردەوارییەوە دەبێت، چونکە لە کوردەواریدا ئەوە وتراوە کە جوولەکە پاشەکەوتکارن و ئەمەش وایکردووە، کە وەك کەسانی کارکەر و لێزان و ئاکام پارەدار بۆیان بڕوانرێت.

ژمارە، کە خۆی تەنیا بەهای ژمێرەیی خۆی هەیە، کەچی لە دەقدا دەبێتە گەێنەری واتاگەلێکی پراگماتیکی ی جودا جودا بەپێی باری خزتنەڕووی ژمارەکان. هەر بۆ نموونە لەم دەقەدا، کە

---

[٢٠] سەرچاوەی پێشوو.

[٢١] سەرچاوەی پێشوو، ل (٧٥).

[٢٢] هەمیشە بەهار، عەلائەدین سەججادی، ل (٧٨).

[٢٣] سەرچاوەی پێشوو، ل (٧٨).

[٢٤] سەرچاوەی پێشوو، ل (٧٨ – ٧٩).

(س...ئاغا) (سمەی گزیر) دەنێرێت، تاوەکو سێ بزنە لاتەکانی ماڵی (حەمەسەن) بێنن و لەبری قەرزەکەی (سۆفی کەریم) بیدات بە سۆفی، هەروەك لە دەقەکەدا هاتووە، کە دەڵێت: "ئا بچۆ، سمە بزنەکانی بێنەو بیدە بە سۆفی با لە باتیی هەقی خۆی هەڵیانگرێ، سەگبابە ڕانم بۆ پێکەوە ئەنێ"[٢٥]. دوواتر، حەمەسەن، ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "سمەم سمەبوو، خێرا ڕاپەڕی، چوو سێ بزنەگەڕەکەی دایە پێش خۆی و هێنانی..."[٢٦].

وتراوی پێشتر، ئەگەر لە ڕووالەتی وتراوەکەوە بێت، ئەوا ئاغا ماف بۆ مافخوراو دەگێڕێتەوە، کەچی بە بەئاگایی لە بۆنەی وتراوەکەو کەسانی بازنەی وتن، ئەوا ئەو واتا پراگماتیکییە دەگات، کە ئاغا ناڕەوایە و پێشێلکار ی مافی حەمەسەنە و حەزییش ناکات جووتیارەکان ببنە خاوەن ئاژاڵی خۆیان. وتراوی دوواتر، ئەوە دەگەیێنێت، کە بزنەکان بوونە ماڵی سۆفی، ئاغاش ئەم کارەی هەر بۆ ئەوە کردووە، کەچی لەڕێگەی وتراوی: "بەیانی سەیرم کرد سۆفی کەریم دوو بزن لە بزنەکانی داوەتە پێش خۆی و چووەوە بۆ شار..."[٢٧]. لێرەدا بە هێنانی ژمارە دوو، دەرگا لەسەر کۆمەڵێك واتای پراگماتیکی دەکرێتەوە، کە ئامادەی گەیاندنن. بەواتایەکی تر وتراوەکە کۆمەڵێك هەڵهێنجانی واتایی لێدەکەوێتەوە، لەوانەش، یەکەم: ئاغا خۆی ئەم بڕیارەی لەپێناو ئەمەدا، داوە کە بزنێکی پێببڕێت. دووەم: ئاغا وەك بەرتیل ئەو بزنەی وەرگرتووە. سێهەم: ئاغا بە تیرێك دوو ئامانجی بە گەندەڵفێڵ، پێکاوە، کە هێشتنەوەی حەمەسەنی جووتیارە بەبێ ئاژەڵ، هەروەها ڕەواییدان بە بوونە خاوەنی بزنەکە لەڕێی گەندەڵفێڵەکەوە.

لێرەدا جێگەی سەرنج ئەوەیە، کە ئەگەر، ئەو وتراوەی (حەمەسەن) تەنیا هەر ئەوەندە بووایە و ئەوەی بەدووادا نەهاتایە، کە (حەمەسەن)، دەڵێت: "زانیم بزنێکییانی بۆ دیواخانی ئاغا بەجێ هێشتووە"[٢٨]. ئەوا چیرۆکەکە وەك واتا گرنگتر دەبوو، هاوکات وەك هونەری چیرۆکنووسییش لەبارتر دەبوو.

---

[٢٥] سەرچاوەی پێشوو، ل (٧٩).

[٢٦] سەرچاوەی پێشوو.

[٢٧] هەمیشە بەهار، عەلائەدین سەجادی، ل (٧٩).

[٢٨] سەرچاوەی پێشوو.

## ئه نجام

بەکورتی دەکرێت وەك ئەنجامی لێکۆڵینەکە، چوار خاڵ بخەینە ڕوو یاخود دووپاتیان بکەینەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

یەکهەم: چیرۆکەکە نیشانەی زمانزانی ی چیرۆکنووسەکەی بەئاشکرا پێوە دیبارە. ئەمەش هەر لە فەرهەنگەکەیەوە تا بە بەکارهێنانە پراگماتیکییەکان دەگات، سەرجەم گۆواهی ئەوەن.

دووهەم: وشەو گوزارشتەکانی ناو چیرۆکەکە، بەئاگایی ی سەجادی لەلایەنی ئەو گۆڤەرەی، کە لەو ڕووبەرە جوگرافیاییەی چیرۆکەکەدا لەئارادایە، دەردەخات.

سێهەم: چیرۆکنووس لە سروشتی ژیانی گوندنشینانی ناوچەکە بەتایبەتی و لە ڕۆژگاری چلەکانی گوندنشینانی کوردستان بەگشتی بەئاگایە.

چوارهەم: ئەگەرچی چیرۆکەکە کۆمەڵایەتییە، بەڵام چیرۆکنووس لەڕێگەی وشەو زاراوەکانەوە، پەنامەکییانە کەمتازۆر لایەنی ڕامیاریش دنە دەدات.

**سەرچاوەکان:**


١- أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، الدكتور نايف خرما، عالم المعرفة، الكويت ١٩٧٨.

٢- ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، جەلال مەحمود عەلی سوبحانی، (بەرگی یەکەم دووەم و سێیەم)، سلێمانی ٢٠١٢.

٣- پراگماتیك و واتای نیشانەکان، هۆگر مەحموود فەرەج، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی ٢٠٠٠ (چاپ نەکراوە).

٤- بووارە واتاییەکان، هۆگر مەحموود فەرەج، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین ١٩٩٣ (چاپ نەکراوە).

٥- ڕشتەی مرواری، (بەرگی ١ تا ٤)، عەلائەدین سەجادی، کتێبی سەردەم ژمارە (٢٦٠)، سلێمانی ٢٠٠٣.

٦- علم الدلالة، الدکتور أحمد مختار عمر، مکتبة دار العروبة للنشر والتوزيع، الكويت ١٩٨٢.

٧- لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، پرۆفیسۆر.د.محەممەد مەعروف فەتاح، هەولێر ٢٠١٠.

٨- هەمیشە بەهار، عەلائەدین سەجادی، فەرهاد شاکەلی پێشەکیی بۆ نووسیوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر ٢٠١٢.

# "ملخص الدراسة باللغة العربية"

هذه الدراسة المسماة بـ"تأثير التداولية والمفردات واللغة على الاجواء الكوردية في قصة رونزنكى حمسن"، تتكون من فصل واحد متضمناً مبحثين. فالاول: نتناول فيه أهمية اللغة عند من هم يهتمون بالكتابة وكتابة القصة على وجه الخصوص، ومن ثم نركز على مستوى القاص علاءالدين السجادي و إلمامه باللغة الكوردية. كما ونبين سعة القاموس الذهني عنده وقدرته على إستعمال الكلمات والمصطلحات والتعابير الكوردية الأصيلة بحسب المقام الذي يتطلبه سير أحداث القصة، كما و إضطلاعه على الكنايات والاستعارات الموجودة في اللغة الكوردية. فأما في المبحث الثاني: فنتكلم عن الاستعمالات التداولية التي أقدم القاص على توظيفها بصورة رصينة بغية إيصال مقاصدهِ الى المتلقي أو القارئ الكوردي بالشكل الذي يحث القارئ على قراءتها حتى النهاية أو الوصول الى النتيجة التي تقفل بها القصة. وهذا بطبيعة الحال يدل على تمكن القاص من اللغة.

## Abstract

The present paper which is entitled “The Impact of pragmatics, Lexicon and Language in the Kurdish environment of Ronazengi Hemesen” consists of only one chapter. It includes two sections. The first deals with the significance of language for those who have interest in writing in general and writing stories in particular. Then, the focal point of the paper is shifted to the status of Sajaddi as a writer, and he has a comprehensive knowledge about Kurdish language.

His mental lexicon is showed, and his ability in using words, terms, and Kurdish genuine expression according to the situation that the events require; Also his undertaking in Kurdish metaphor and metonymy.

The second topic deal with pragmatically using of which the writer applied in a staid way in order to intimate his intentions to Kurdish readers, and makes them read it continuously till the end, which is loked by it. This shows language capability of the writer.